# خۆزگە سەربازێکی ئیسرائیلی دەبووم

## تەها ئەمین هەڵەدنی

ئەو ناونیشانەی سەرەوە، ئاواتی نووسەرێکی عەرەبی کوەیتیە، لە ماڵپەڕی شالیاری دەرەوەی ئیسرائیلەوە وەرگیردراوە، بە پێنووسی نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولا هەلدەق، ئەوانیش لە ڕۆژنامەی ئەلوەتەنی کوەیتیەوە، وەریانگرتوە.

http://www.altawasul.net/MFAAR/opp+eds/op+eds-+arab+writers/if+i+were+an+israeli+soldier+11072006.htm

هەلدەق، باس لەدڕندەیی و کەڵەگایی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی وولاتانی عەرەبی دەکات، کە دەسەڵاتدارانی وولاتانی عەرەبی هیچ بەهایەک بۆ تاکی هاولاتیانی وولاتانی عەرەبی دانانێن. لە بەرامبەریشدا، وولاتی ئیسرائیلی دیموکرات و شارستانی چەند لە خەمی هاولاتیانی خۆیدایە، لە پێناو تەنها سەربازێکدا، ئامادەیە ئەوەی نەکرێت، بیکات.

نووسەر ئەڵێ: ئەو، ئاوات خواستنەی من کە سەربازێکی ئیسرائیلی بم، ئاواتی تەواوی هاولاتیانی عەرەبە. چونکە هاولاتی عەرەب خۆی نامۆ دەبینێ لە وولاتەکەی خۆیدا.

نووسەر لە هاو زمانەکەی خۆی دەپرسێ: تۆبی خوادا، نرخی مرۆڤێکی عەرەب دەبێت چی بێت، لەژێر سایەی دەسەلاتی بەعسی فاشستدا؟

هەروەها نووسەر دەنوسێت، ئایا نرخی مرۆڤێکی ئێرانی لەسایەی دەسەلاتی مرۆڤخۆرە بۆگەنەکەی کۆماری ئیسلامی دەبێت چی بێت؟

یا لەسایەی کابرا شێتەکەی لیبیادا؟

ئەوەتا، بەچاوی خۆمان دیمان، کە ئیسرائیلیەکان، چۆن وولاتی خۆیان تووشی بومەلەرزە کردوە، لە پێناو تەنها سەبازێکدا! تا ئێرە بۆچوونی ئەو نووسەرە عەرەبە ناوبراوەیە.

ئێمە چین لەچاوی دەسەلاتداراندا؟

داوای ئازادکردنی سەربازێکی دیلی ئیسرائیلی، بەرانبەر بە 1000 دیلی عەرەب و ئیسلام، خۆی لە خۆیدا دانپیانانێکە کە دەسەلاتدارانی عەرەب بە چاوێکی سووکی تەماشای کەسایەتی عەرەب، دەکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە دانپیناێکی دیکەیە، کە دەسەلاتدارانی عەرەب و ئیسلام،

دەسەلمێنن کە ئیسرائیل ڕێزی هاولاتی خۆی دەگرێت و ئەگەری ئەوە دەکەن، کە یەک کەس بە 1000 بگۆڕێتەوە. ئەگینا نەگونجاوە، دیل بەدیل، بەلام یەک بە1000.

چونکە، جیهانیان، سەرجەم بەچاوی خۆیان دیتیان کە ئیسرائیل 400 دیلی پارتی خوای لوبنانی گۆڕیەوە، بە ئێسکو و پرسکی دوو سەبازی خۆی. بەداخەوە.

پارتی خوا، ئاخر خوا، (کن فکن) واتە: هەر خوا ووتی: ببە، دەبێت ببێ، ئیتر پارتی چی، گەزی چی، جاوی چی؟

کوردی نەگبەتیش لەم ڕەوشە، نالەبارە و نامرۆڤایەتیە، بێ بەش نیە، دەوێرین کە بڵێین تاکی، کورد لەچاو دیدی دەسەڵاتدارانی کوردوستانی باشوور، گەلێک خراپتر نەبێ لە تاکی عەرەب، ئەوا باشتر، نیە. تورکیایی ڕەوشت فاشی کۆتای مانگی 5 بە چەکی کیماوی پەلاماری کوردیدا، کەچی چرکەیەک لە ناسکە پەرمانەکەی کردستانی باشورە نەهات.

کاتێکیش مرۆڤ دەبینێ کە ئیسرائیلیەکان ئامادەن 10 000 000 ملیۆن دۆلار خەڵاتی ئەو کەسە بکەن، کە تەنها زانیاریەکی باوەڕ پێکراو دەداتە دەست بەرپرسانی ئیسرائیلی، مرۆڤ، بەتایبەت مرۆڤی کورد شاگەشکە دەکات. چونکە دەسەڵاتدارانی کورد زۆربە لە سایەی سەروەت و سامانی کوردەوە لە میلۆنێر تێپەڕین بونە میارد دێر، کەچی غەمێکی ئەنفال کراوەکانی خۆیان ناخۆن. نوسینەکانی عەبدولا هەلدەق، کە ئاواتە خوازە، کە سەربازێکی ئیسرائیلی بوایە، تەنیا ئاواتی ئەو و سەرجەم عەرەبەکان نیە.

بەڵکوو هەموو تاکێکی کوردیش، هەمان ئاوات لە دورروونیدایە، هەموو تاکێکی کوردیش ئاواتە خوازە کە دەسەڵاتدارانی وولاتەکەی بۆ هەمیشە دەوارێک بێت، کە لە سەرما و سۆڵە بیپارێزێت. هەموو کوردێک ئاواتە خوازە، کە دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەکەی باوشێک بێت وەک باوکێکی دڵسۆز، هەمیشە پەنای بۆبەرێت.

بەداخەوە، ئێمەی کوردیش، وەک عەرەبەکان دەسەڵاتدارانمان نەک هەر دەوارێک نین، نەک هەر باوەشی باوکێکی دڵسۆز نین، بەڵکوو، دیمان دەسەڵاتدارانمان، هەمیشە وەک مشتی دوژمنەکانمان لە دەمی گەلیان سروەواندوە، جگە لەوەش جاشایەتیان بۆ هەر چوار دوژمنەکانمان کردوەو هەر ئەوان بوون، کە بوونە کلاوسووری بەربووکی دوژمنانمان، لەشکر کێشکردنی دوژمن بۆ سەر هاو سەنگەرەکەی خۆی.

بەچاوی خۆشمان دیتمان، کە مەسعود بەرزانی بەفوویەک و دوو سەبر، تەرمی بەرزانیەکانی گەیاندەوە کوردستان، شایەنی دەستخۆشیە. بەلام ئەنفال کراوەکانی گەرمیان و دۆڵی جافەتی و قەرەداخیش هەر لەسەر کوردونیان ئەنفالکران،

بەداخەوە، مەعسود بەرزانی غەمی ئەوانی، نەخوارد.
لەکاتێکدا دڵنیان کە ئەگەر بانگەوازێک بکرێت، کە ناوی نهێنیەوە گۆڕەکانیان دەستنیشان بکرت، بە پارەیەکی کەم، ئەو سەربازە عەرەبانەی کە بەشداری ناشتنی تەرمەکانیان کردوە، بە سانایی دەدۆزرانەوە. سەرانی کورد پێویستیان نیە، کە 10میلۆن دۆلار لە کیسەی خۆیان تەرخانی ئەو کارە بکەن، بەڵکوو بە دوو سێ هەزار دۆلار ئەو کارە مەیسەر دەکەن.
http://www.10million.org/Default.asp?LangCode=Arb

## ریشەی ئەم شەڕەی نێوان عەرەب و جوولەکە

هۆکاری ڕیشەی ئەم شەڕەی ئێستا، لە فڕاندنی دووسەربازە ئیسرائیلیەکەوە نیە،کە لە 25ی 6ی 2006 ڕویدا. بەڵکوو ڕاستیەکەی، ڕیشەی ئەم شەڕەی ئێستای عەرەب و جوولەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژە سەرەتاییەکەنی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامی عەرەبی، کاتێک هۆزی قورەیش، بڕیاری کۆتایی خۆیاندا، کە محەمەدی کوڕی عەبدولا، دامەزرێنەری ئیسلام، لەناوبەرن و بیکوژن لە ساڵی 622 زاینیدا. کاتێک محەمەد بە پیلانەکەی دەزانی، لە ڕێگەی خزمەکانیەوە. چونکە محەمەدیش هەر نەوەی قورەیشە، بۆیە چاری نامێنێ و ڕادەکاو مەکە بەجێدەهێڵێ و خۆی دەگەیەنێتە یەسریب، مەدینەی ئەمڕۆ. لەمەدینەدا سێ تیرەی گەورەی جولەکە دەژیان. ژیانی جولەکەکانی ئەوکاتەی نیمچە دوورگەی عەرەبی وەک ئەمڕۆ، سەرگەرمی کاری پیشەسازی بوون، هەروەها جولەکەکان، خاوەن تەورات نەتەوەیەکی خوێندەوار بوون. بەڵام لەناو عەرەبەکاندا پیشەسازی، شەرم بوو، خوێندەواریش لە پیشەسازی شەرمئاوەرتر بوو.
محەمەدی کوڕی عەبدولا پەنای بردە بەر جوولەکەکانی مەدینە، ئەوانیش وەک ڕێوڕەسمی خۆیان، پەنای محەمەدیاندا. هەتا تواناشیان بوو، یارمەتیاندا.
لەبەر چەند هۆیەک:
1 چونکە محەمەدیش وەک جوولکە بانگەوازی تەنها خوای دەکرد، بە پێچەوانەی قورەیشەوە کە کۆمەڵ خوایان هەبوو.
2 جولەکەکان بیستبویان کە محەمەد، دژی ڕاوڕوتە، باوەکەی قورەیش، کە ڕەواجی هەبوو، لە هەمو نیمچە دوورگەی عەرەبیدا. چونکە جولەککان زۆربە زێڕەنگەرو پیشەساز بوون، ئەوانەش لە ناو قورەیشدا وەک باسمان کرد، شەرم بوون.
3 محەمەد دژایەتی جولەکەی نەکرد، لەسەرەتادا، بەڵکوو بەفەرمی ئاینی جولکەی پەرژاند. ئەم هۆکارانەو گەلێکی دیکەش هۆکار، وایان لە جولەکە کرد، کە پەنای محەمەدی دامەزرێنەی حزبی نەتەوایەتی عەرەب (ئیسلام) بدەن.

ئیسلامە پەنابەرەکانی مەدینە، بە محەمەدی کوڕی عەبدەڵاشەوە، ژیانیان باش نەبوو، چونکە ئەوان فێری تاڵانی بوون. هەروەک پیشەیەکی ڕیشەداکوتراو لەناو عەرەبدا، نەیان توانی دەستبەرداری ئەو ڕەفتاریان ببن. بۆیە ئیسلامەکانی مەدینە نەیان توانی وەک جولەکە کرێکاری، یا جوتیاری بکەن، ژیانیش بەبێ ئەو دوکارە، ناڕوات. بۆیە ژیانیان لە مەدینە باش نەبوو، ئیسلامەکان ووردە ووردە زیادیشایان دەکرد. بەڵام تا ئەو کاتە کێشەیان لەگەڵ جوولەکەکانی مەدینە نەبوو.

لەبەر ئەوەی برسێتی زۆری بۆ ئیسلامەکان هێنا، محەمەد ناچار بیری لەتاڵانی کردەوە، ئەوە بوو، بیستی کە کاروانیەکی قورەیش لە ڕێگەی گەڕانەوەدایە، لە شامەوە بۆ مەکە، بەسەرکردایەتی عومەر بن خزرومی. بۆیە محەمەد خێرا، کۆمەڵێک لە پەنابەرە ئیسلامەکانی مەدینەی نارده، سەر ڕێگەی کاروانە، بازرگانیەکەی قورەیش. لە شوێنێکدا بەناوی (سریە ئەلنەخلە) ئیسلامەکان، دایان بەسەر کاروانەکەدا، سەرقافڵەکەیان کوشت و دوانیشیان بەدیل گرت.

ئیسلامەکان، بەو تاڵانیە بوژانەوە، ژیانی ڕۆژانەیان، باشتر بوو. بەڵام دڵی جولەکەکانیان لە خۆیان ڕەنجاند. جولەکەکان کەوتنە سەرکۆنەی حزبەکە ناسیۆنالیستەکەی محەمەدی کوڕی عەبدوڵا(ئیسلام)، جولەکەکان ووتیان: مەگەر ئێوە نەبوون دژی تاڵانی بوون. جولەکەکان، دەبێت لە چارەیەک بگەڕێن، تا لەدەست جەردە و تاڵانچیەکان ڕزگاریان بێت. قورەیشیەکان پا بەندی دابوو نەریتی بیابان بوون، کە دەستووری بیابان ڕێگە نادات، کە لە 4 مانگی ( محەرەم، دولحجە، زولقەعدە، ڕەجەب) دیاریکراودا، جەردەیی بکرێت.

تا خەڵکەکە پشویەک بدات. کەچی محەمەد، نەک هەر بەرەنگاری دزی جەردەی نەوەستا، بەڵکوو، دەستووری بیابانیشی شکاند، لە ناو مانگە تابووکراوەکاندا، پەلاماری کاروانە بازرگانیەکەی، قورەیشیندا، کە لەشامەوە دەگەڕایەوە بۆ مەککە.

کەواتە، بۆ جولەکە قونجاوترە، کە پاڵپشتی قورەیش بکەن، تا ئیسلامەکان، چونکە هەر هیچ نەبێ، قورەیشیەکان، 4 مانگ تاڵانی ناکەن.

بەڵام، کار لە کار ترازاوە، چونکە جولەکە مافی پەناهەندەییان داوە، بە محەمەد و حزبەکە ناسینالیستەکەشی.

کاتێکیش بۆ محەمەدی کوڕی عەبدوڵا دەرکەوت، کە کارێکی باشی نەکردوە،کەوتە بیر کرنەوەو هێنانەوەی پۆزشێکی گونجاو، بەڵام پۆزشەکەی دەرمانی دەردی کێشەکەی نەکرد، چونکە تاڵانیەکە لەناو مانگی ڕەجەبی تابووکاروەکاندا ڕویدا.

چارە نەما، جگە لەوەی پەنا بەرێت بۆ خوا، بۆیە بەناوی خواوە ووتی:

خوا ئەڵێ: لێت دەپرسن، شەڕو خوێن ڕشتن لە مانگە تابوەکاندا ڕەوایە؟، بڵێ، بەڵێ: ناڕەوایە، بەڵام دەرکردنی خەڵک لە جێگەو ڕێگەی خۆی و ڕێگرتن لە خەڵک کە لە سەردانی کابە، دوزمانیە و لە کوشتن خراپترە، سورەی مانگا217.

لەبیرمان نەچێ، تا ئەو کاتەی محەمەد، لە مەکە ڕایکرد، لە کابەدا، تەها بت هەبوو.

سورەی مانگای 217 دوا پۆزیش محەمەد بوو، بۆ ڕوداوەکە، بەڵام سەرانی جولەکە، بۆیان قوت نەدرا، کە خوا شەرعیەت بدات بە دزی و تاڵانی، بۆیە لێرە، درز کەوتە، نێوان پەیوەندی حزبکە ناسیۆنالیستەکی محەمەد و جولەکەوە.

ووردە، ووردە، درزەکەش گەورەبوو، تا ئاستی کە شمشێریان لە یەک هەڵسوو، کۆتایەکەشی بەوە گەیشت، کە حزبە ناسیۆنالیسکەی محەمەدی کوڕی عەبدەڵا، قڕانیان خستە، جولەکەکانی مەدینەوە. بۆ بە بناغەبوونی ئەم بۆ چونەشمان سەرجەم مێژوو ناسە ئیسلامیەکان، پاشان مێژوو نووسانی دەرەوەی ئیسلام دەکەینە بەڵگە.

لێرەشەوە، محەمەد و حیزبەکەی ڕەگەز پەرستانە، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵ کوژی جەلەکەیان ئەنجامنداو 900 کەسیان بە گەنج پیر مێرمنداڵیشەوە سەر بڕی، تاوێک بە بەراز یا مەیمون دەیان جوێنێت و بۆتە بنێشتە خۆەشەی دەمی سەرجەم عەرەبەکان.

پۆزشی محەمەد، هێندە بوو، گوایە جولەکە پەیمانیان شکاندوە!

کێ پەیمانی شکاند، محەمدی کوڕی عەبدولا، یا جولەکە؟

محەمەدی کوڕی عەبدولا بوو، پەیمانی شکاند، چونکە دەستی لە تاڵانی کردن هەڵنەگرت.

محەمەدی کوڕی عەبدەڵا بوو، بەڵێنیدا، کەدژی تاڵانی جەردەیی ڕاوەستێ.

بە پێی سەرجەم بەڵگە ئیسلامیەکان دەبینن، کە جولەکە نەک لەفەلەستین بەڵکوو لە نیوەی نیمچە دوورگەی عەرەبیدا ژیاون، بەڵام تەنها یەک عەرەبیش لە فەلەستیندا نەژیاوە، کەواتە جولەکە، فامی هەیە داوای خاک بکات لە نیمچەدوورگەی عەرەبیش، نەک خۆی بەخاوەداری فەلەستین بزانێت.

ئەگەر، جولەکە مەیمونە، بۆ محەمەد کاتێک 900 کەسی لە منداڵ و پیری جولەکەکان سەربڕی، کچی سەرەک تیرەی بەنی قورەیزەی وەک تاڵانی بۆ خۆی گلدایەوە!

لەم نزیکانە، بابەتێکم خوێندەوە، بەداخەوە، نە بابەتەکە، نە ناوی نووسەرەکەیم لە بیر نەماوە، ئەو نووسەرە لێمان دەپرسێت: محەمەد چۆن نێرینەی هەڵسا، چۆن توانی ئەو گانە بکات، لە کاتێکدا، براو باوک و مامە کانوو و ئاموزاو پورزانی هێشتا خوێنیان بە دەستی محمەدەوە مابوو؟

چونکە هەر هەمان ڕۆژی کە کەسوو وکاری ڕەیحانەی کچی عەمرۆ، کە یەکێک بوو لە دەست کەوتەکانی جەنگ، بۆ خۆی گلدایەوە و هەمان شەو پەڕیە کۆڵی. لە یەکێک لە ووتەکانی بۆخاری ئەڵێ: کاتێک محەمەد خەریکی ڕەیحانە بوو، یەکێک لە ئەندامانی حیزبە ناسیۆنالیستەکەی محەمەد(ئیسلام) چوبوە سەر دارێک، محەمەدیش ووتی: کوڕە ئەوە چی دەکەی؟

ئەندامەکەی حیزبە ناسیۆنالیستەکەی محەمەد ووتی: دایک و بابم بەقوربانت بێ، تۆ هەرچی کەسوو کاری ئەو کچە هەیە، سەرت بڕین، ووتم چاودێریت بکەم، نەوەکا لە فرسەتێکدا زەفەرت پێ بەرێت.

مەلا دیگماگۆکەکان ئەڵێن: محەمەد بۆیە ئەو هەموو ژنەی هێنا، چونکە زۆربەی ژنە شەهید بوون، محەمەد دەستی بە باڵیانەوە گرتبوو.

ئاخر نیتشە ناهەقی نەکرد، کە ئەڵێ: دوای هەموو تەوقە کردنێک، لەگەڵ پیاوە ئاینیەکاندا، دەست شۆردن، بە سابوون پێویستە.

نازانم چۆن خوا، محەمەدی خانە نشین نەکرد، لەسەر ئەو کارەی؟!

هەمیشە، هەر ئیسلامەکان بوون، کە پەیمانیان دەشاکاند، بە ئەمرِۆی حەسەن نەسروڵاشەوە. محەمەد کاتێک پێویستی بە پەناهەندەی جولەکەبوو، پێی دەوتن باشترین گەل، سورەی مانگا 47. بەڵام کە ئیتر گەشتە ئاستی کە مل ملانێ لەگەڵ جولەکە بکات، لە سورەی تۆبەی 29 ئەڵێ: خوا بیان کوژێ، جولەکە درۆ دەکات.

کاتێکیش کە محەمەد زانی، ئیتر بەرهەڵستاکار نەماوە، لە سورەی ئەلعمرانی ژمارە 85 دا ئەڵێ: دین لای خودا، تەنها دینی ئیسلامە و هەموو دینەکانی دیکە، تابوە.

هەمیشە، هەر ئیسلام بوە، کە خۆی لە دینەکانی دیکە هەڵدەقورتاندوە، چونکە سورەی تۆبەی ژمارە 30 ئەڵێ: جولەکەکان ئەڵێن عوزێرا کوڕی خوایە، کریستایەنەکان ئەڵێن عیسا کوڕی خوایە. گوناهیان کرد، خوا بیان کوژێ.

جولەکە باوەڕی وایە، کریستیانیش هەروەها، نە جولەکە، نە کریستیان یەخەی کەسیان نەگرتوە. دینەکانی دیکە، خۆیان لەکاروباری دینەکانی دیکە هەڵنەقورتاندوە. ئەگەر سەردەمی خۆشی کردبێتیان، کۆتای هاتوو چوو. ئێستا هەر ووڵاتە کریستیانەکانن، کە پەنای میلۆنەها ئیسلامیانداوە.

کەچی بەوەش قایل نین، تەقاندنەوەکانی میترۆی لەندەنی، 7ی 7ی2006 مان لەبیرە هێشتا.

چاوەڕوانی بەشی دوەم بن.